# حوکمی چوونە لای ژن لە دواوە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1436

IslamHouse.com

# حكم إتيان الزوجة في دبرها

« باللغة الكردية »

فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# حوكمی چوونە لای ژن لە دواوە

ئـەم پرسـیـارە ئاڕاستـەی بـەشی کوردی ماڵپەڕی ئـیسلام هاوس کراوە:

**پرسیار** : ئـایا دروستـه پیاو لـەگـەڵ ژنـەکـەی جووت بێت، بـەو شێوەیـەی لـەدواوە بـچێتـه لای ؟ .

**وەڵام** : سوپاس وستـایش بۆ خوای گـەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لـەسـەر پێشـەوای مرۆڤایـەتی محمدی پێغـەمبـەری ئیسلام و ئال وبـەیت و هاوەڵ وشوێنکـەوتوانـی هەتا هەتایە .

خوای گـەورە لـە قورئـانـی پیرۆزدا فـەرموویـەتی : ﴿ نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ .... ﴾ [ البقرة : ٢٢٣ ] .

واتا : ژنـەکانتان لـەکاتی پاکییدا جێی کشتوکاڵتانن جێگـەی سـەوز بوونـی تۆوتانن، کـەوابوو لـەهـەر کوێوە دەتانـەوێ بـچنـه

کێڵگەکەتانەوە بەهەرکات و بەهەرجۆر ئەتانەوێ 'هەر لەجێگەی سەوزکردنەوە بێ و، پاك بێت .

لەم ئایەتەدا پیرۆزەدا ئەوە وەردەگیرێت ژنان حەڵاڵی پیاوەکانیان بۆ لەزەت وەرگرتن لێیان، هەرچۆن پیاوانیش جێگای لەزەت وەرگرتنی ئافرەتانن، بەڵام خوای گەورە ئەوەی بەمەرج گرتووە کە دەبێت ئەم لەزەت وەرگرتنە لەو جێگایەوە بێت کە جێگای منداڵ بوونە، کە خوای گەورە بە (کیڵگە و کشتوکاڵ ) ناوی بردووە، واتا ئەو جێگایەی کە پیاو ئاو و تۆی خوێ تێدا دەڕوێنێت و ئەو تۆوە بەرهەم دار دەبێت و پاشان منداڵی لێ پەیدا دەبێت، ئەمەش گرفت نییە بەهەر شێوەیەك پیاو بیەوێت بگاتە ئەو جێگای منداڵ بوونە، کە (زێی ئافرەتە) واتا : ئەگەر پیاو لە پاشەوە بگاتە لای جێگای منداڵ بوونی ئافرەت گرفت نییە و حەڵاڵە بۆی، بە چ شێوەیەك کە پیاو لەزەتی لێ وەربگرێت، بەڵام بەو مەرجەی لە جێگای ترەوە نەبێت، مەبەست لەوەیە نابێت پیاوان لەپاشەوە بچنە لای کۆمی ئافرەتان ( جێگای پیسیان )،

چونكه ئەم كارە قێزەونە كاری بێباوەڕانە و پێغەمبەری خوا ( صلى اللە عليە وسلم ) نەفرینی لێكردووە، وەك فەرموویەتی : « ملعون من أتى امرأة في دبرها » [ رواه الإمام أحمد ] .

واتا : نەفرین لێكراوە ئەو پیاوەی لە دواوە بچێتە لای ئافرەت .

هەروەها فەرموویەتی : « مَنْ أَتَى امْرَأَتَهُ فِي دُبُرِهَا فَقَدْ بَرِئَ مِمَّا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ صلى الله عليه وسلم » [رواه أبو داود (٣٩٠٤)، وصححه الألباني في صحصح أبي داود ]

واتا : هەر پیاوێك لە دواوە بچێتە لای خێزانی – لە كۆمیەوە - ئەوە بەریە لەوەی دابەزیوە بۆ محمد ( صلى اللە عليە وسلم ) .

لە جێگایەكی تردا فەرموویەتی : « لَا يَنْظُرُ اللَّهُ إِلَى رَجُلٍ أَتَى امْرَأَةً فِي الدُّبُرِ » [ رواه الترمذي (١١٦٥) وصححه ابن دقيق العيد في "الإلمام" (٢/٦٦٠) ، والألباني في صحيح الترمذي ] .

واتا : خوای گەورە تەماشای ئەو پیاوە ناكات كە لە دواوە بچێتە لای خێزانی .

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : « إِنَّ اللَّهَ لَا يَسْتَحْيِي مِنْ الْحَقِّ - ثَلَاثَ مَرَّاتٍ - لَا تَأْتُوا النِّسَاءَ فِي أَدْبَارِهِنَّ » [رواه ابن ماجه (١٩٢٤) وصححه الألباني في صحيح ابن ماجه ]

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سێ جار فەرمووی : بێگومان خوای گەورە شەرم ناکات لەووتنی هەق، لە دواوە نەچنە لای ئافرەتان .

هەمووی ئەم فەرموودانە ئەوە بۆ باوەڕداران دووپات دەکەنەوە، کە حەرامە وە یەکێکە لە گوناهە گەورەکان کە پیاو بۆ سەرجێی کردن بچێتە دواوەی ئافرەت – مەبەست ئەوەیە لە کۆمیەوە - ئەگیا هیچ گرفتێك نییە پیاو لەدواوە بیەوێت بچێتە پێشی خێزانی .

خوای گەورەش زاناترە .